


# فیلمی (ژنان)

و: عیرفان محەمەد

## * چیرۆکی فیلمەکە:

وا دیارە کە ژیان بۆ (مری هینر) تەواو دڵخۆشکەرە، ئەو نەخشەدانەری جلوبەرگە و زۆرسەرکەوتووە لە کارەکەیدا، لەخێزانێکدا و لەپەنای هاوسەرە کەشخە و دەوڵەمەندەکەی و کچە (١٢) ساڵەکەی ژیانێکی خۆش و شیرین لە خانویەکی گەورە و جوان و پانوبەریندا بەسەردەبەن، ئەم خێزانە لە ڕیزی خێزانە پلە بەرزەکانی کۆمەڵگەدا دێنە ئەژمار..

ڕۆژانە (مری) بەشێکی زۆر لە کاتەکانی لە کۆمپانیەکەیدا بەسەردەبات و زۆرجاریش سەردانی ئارایشتگەکان دەکات، هەروەها ڕۆژانە چەند کاتژمێرێکیشی تەرخانکردووە بۆ سەردان و دیدەنی هاوڕێکانی..

هاوڕێ و دۆستەکانی (مری) هەریەکەیان سەرگەرمی کاری خۆیانن، (سیلوی) باشترین هاوڕێی (مری)یە کە هاوسەری نییە و سەرقاڵی کارکردنە بۆ گۆڤاریکی تایبەت بە مۆدیلی جلو بەرگ و دیزاینی

نوێ، و هاوڕێیەکی دیکەیشی هەیە، بەڵام ئەمیان زیاتر گرنگی بەخۆشی خۆی دەدات و بۆخۆی دەژی.

ڕۆژێک (مری) بەوە دەزانێت کە هاوسەرەکەی خیانەتی لێدەکات، کاتێک بۆی ڕوندەبێتەوە هاوسەرەکەی لەگەڵ کیژێکی گەنجی جواندا پەیوەندییەکی شاراوەی دروستکردووە، کچەکە ناوی (کریستاڵ)ەو لە فرۆشگەیەکدا کاردەکات، ئیدی لەو کاتەوە هەموو شتێک تێکدەچێت و دنیا لە بەرچاوی (مری) ڕەش و تاریک دەبێت، و لەوە تێدەگات کەلێنێکی گەورە کەوتۆتە نێوان ئەو و هاوسەرەکەیەوە کەپێشتر هەستی پێنەکردبوو.

بۆیە (مری) بڕیار دەدات واز لە هاوسەرەکەی بهێنێت و لەگەڵ هاوڕێکانیدا بە دوای ڕێگەچارەیەکی گونجاودا بگەڕێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە وگرفتەکەیان.

هەموو هاوڕێکانیشی بەبیستنی ئەم ڕووداوە تووشی شۆک دەبن و زۆر بەوردی لەژیانی تایبەتی خۆیان ورد دەبنەوە و بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن لە نەستیاندا ئەو پرسیارە دروست دەبێت: کە داخۆ تۆ بڵێیت ئەوانیش بەڕاستی خۆشبەخت بن؟!

(مری) و هاوڕێکانی دەچن بۆ سەفەر، ئیتر لەو کاتە بەدواوە وردە وردە بڕیار دەدەن کە شێوەی ژیانی خۆیان بگۆڕن وچاوێک بە دنیابینی و پەیوەندیەکانیاندا بخشێننەوە، بۆیە لە دواجاردا گۆڕانێکی جەوهەری لە بیرکردنەوەی ئەواندا ڕوودەدات و لەبری بیرکردنەوە لە مۆدە و جلوبەرگ، بیر لە شتانێکی گرنگتر دەکەنەوە و بەشێوەیەکی جیاوازتر لە ژیان دەڕوانن.

## * چەند خاڵێک سەبارەت بەفیلمەکە:

– ئەم فیلمە بەرهەمی ساڵی (٢٠٠٨)ی ئەمەریکایە، ئەم فیلمە لە یەککاتدا (کۆمیدی) و (سۆزداری)یشە.

– ئەم فیلمە نوێکردنەوەی فیلمێکی کۆنە بە هەمان ناوەوە کە لە ساڵی (١٩٣٩)دا لەلایەن (جۆرج کوکر)ی دەرهێنەرەوە بەرهەمهێنرا، ئەم فیلمە وەک کۆپیە کۆنەکەی فیلمێکی ژنانەیە وهەموو ئەکتەرەکانی ژنن، تەنانەت هاوسەرەکەی (مری)یش لەم فیلمەدا دەرناکەوێت و کارەکتەرێکی بەرجەستەکراوی نییە!

– (دایان ئینگلیش) ماوەی (١٠)ساڵ لەسەر ئەم فیلمە کاریکردووە، ئەو لەسەرەتادا (میشل فایفر)ی هەڵبژارد بۆ بینینی ڕۆڵی (مری)، بەڵام لەپاشدا بڕیاریدا ڕۆڵەکە بداتە (مگ رایان) کە ئەکتەرێکی تەمەن (٤٧) ساڵەی بواری سینەمایە، شایەنی باسە ئەمە یەکەمین فیلمە کە (ئینگلیش) کاری دەرهێنانی بۆ کردبێت.

– (مگ رایان) بۆ ڕۆڵبینین لە فیلمی (ژنان)دا، بڕی (١٧) ملیۆن دۆلاری وەرگرت، ئەو بەیەکێک لەئەکتەرە ژنەکانی هۆلیوود دەژمێردرێت و زۆربەی کات لە فیلمە کۆمیدیەکاندا ڕۆڵ دەگێڕێت.

– (ڕایان) تا ئێستا سێ جار کاندید کراوە بۆ خەڵاتی (گۆڵدن گلوب) و لەساڵی (٢٠٠٣)دا یەکێک بووە لە داوەرانی فێستیڤاڵی (کان) لەفەڕەنسا.

– لەم فیلمەدا چەند ئەکتەرێکی ناسراوی دیکە ڕۆڵدەبینن، ئەوانیش: (ئانت بنینگ، ئاوا مندس، جاداپینکت ئیمیت).

– (بنینگ)، تا ئێستا سێ جار کاندیدی ئۆسکار بووە، هاوسەرەکەشی (وارن بینی)، چەندین ساڵە لە بواری سینەمادا کاردەکات.

## * کاستی فیلمەکە:

– دەرهێنەر (دایان ئینگلیش).

– ئەکتەرەکان: مگ ڕایان (مری هینز)، ئانت بنینگ (سیلوی)، ئاوا مندس (کریستاڵ)، دبرا مسینگ، جاد ئپینکت ئیسمیت.

## سەرچاوە:

گۆڤاری (ڕاەزندگی)، ژمارە (٢٧١)